# شەونم

هۆنراوەی (33)

برسر آنم که گر زدست بر آید

بەو نەزەرەی هەم بە شەرتێ بەختەکە بێنێ
دەس دەمە کارێکی وا کە خەم بڕەوێنێ
خەڵوەتی دڵ جێی نییە بۆ دوو دژی نامۆ
دێو ئەگەر بچێتە دەر فریشتە دەمێنێ
وەک شەوی یەلدایە وایە سوحبەتی حوکام
تیشکە لە رۆژێ بخوازە زووی بدەمێنێ
بەس بە چاوەڕێ لە دەرکی خاوەنی دنیا
بێتە دەر بە چەشنی مانگی نوێ لە کەلێنێ
سواڵکەری فەزل و هونەربە خەزنە وەدەس خە
لەو کەسی رێبوار و شارەزایە لە شوێنێ
بەرهەمی خۆیان نواند ساڵح و فاسق
ئاخۆ کێ قەبووڵ ئەبێت و خۆی دەنوێنێ
بولبولی عاشق تەمەن بخوازە کە دیسان
باغ سەوز ئەبێت و سروە گوڵ دەشەکێنێ
سەیر نیە لەو کەلاوە غەفڵەتی حافز
هەرکەسێ چۆ مەیکەدە کوا هۆشی دەمێنێ

حافزی حەقیقی